# چەند هەزار ئاژەڵێکی تۆڕ و ڕامنەکراو!! پێشنیازێکی sarcastic

دوکتۆر هەژار مەعروف

لە مەڕ گەڤ و هە ڕەشەی تورکیا بۆ داگیرکردنی باشوری کوردوستان گەلەک جار لە سەرکردایەتیی کوردی باشور دەبیستین کە دەڵێن: با (پ ک ک ــ پارتی کرێکارانی کوردوستان) واز لە خەباتی چە کداری بێنن و بڕونەوە ناو تورکیا. ئەگەر بە سەرپێیی چاوێک بە مێژوی گەلانی جیهان بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی (پ ک ک) کردویەتی، سەرکردایەتیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی هەر گە لێکی تری ئەم جیهانە پەنای بۆ بردووە و کردویەتی ، ئەویش ئەوەیە و ئەوە بووە کاتێک لایەنی بەرانبەر، دژ( بە هۆشیارییەوە ناڵێم دوژمن!) هەمو ڕێگاکانی سیاسی و ناتوندوتیژی و دیبلۆماسیی داخست و کلۆمدا و نەک هەر ئەمە، بەڵکو هەر ئینکاری بونی لاکەی تری کێشەکەی کرد ، ئیتر کێشەکە دەبێتە پرسیاری مان یا نەمان. هەمو ئاژەڵێک ، هەمو زیندەوەرێک خۆڕسک و بە غەریزە حەز بە ژیان دەکات ، هەمو مرۆڤێکی نۆرماڵ و ئاسایی و تەن و دەرون ساغ ـ مرۆڤیش کە لە پەیژەی زیندەوەرانا باڵاترین ئاژەڵە!! ــ نەک هەر حەز بە ژیان و مانەوە دەکات ، بەڵکو حەز بە ژیانێکی سەربەرز دەکات و دەیەوێت ڕێزی لێبگیرێت و هێڤی و ئارمانجەکانی بێتەدی و ئەمەش گرنگترین جیاکەرەوەیەتی لە ئاژەڵ و لە مەملەکەتی ئاژەڵ و جانەوەران. Dalai Lama ی ڕابەری ڕۆحیی (گەلی تیبێت) و پێدراوی خەڵاتی Nobelی ئاشتی ،کە بە پێغەمبەری ناتوندوتیژی لە جیهانی ئیمرۆدا ناسراوە ،کاتێک ڕاپەڕینی گەلەکەی لە دژی حوکومەتی کۆماری چین ی داگیرکەری وڵاتەکە ی شکستی هێنا ، بە ناچاری لە 17.03.1959 نیشتمانەکەی خۆی جێهێشت و لەو کاتەوە لە هیندستان گیرساوەتەوە و دەژی.ئێستا ئەو سەرۆکی (حکومەتی تیبێت) ە لە ئاوارەیی و خەباتی ناتوندوتیژیی هەمەلایەنە دەکات بۆ ئۆتۆنۆمیی فرەتری گەلە چەوساوەکەی لە چوارچێوەی چین دا، بەڵام حکومەتی چین هەمان ئەو تۆمەتە دەخاتە پاڵ Dalai Lama ، کە تورکیا دەیخاتە پاڵ (پ ک ک) و پارتە شەڕنەکەرەکانی باکوری کوردوستان و کوردی باشوریش، ئەویش تۆمەتی جوداخوازی و نیازی دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە:

(Separatismus). ئە گەر Dalai Lama ئاشبەتاڵ لە بیر و باوەڕەکەی و ئارمانجەکەنی گەلەکەی بکات، دڵنیا م دەوڵەتی چین پێشوازیی گەرم و گوڕ لە خۆی و ئەو چەند دەهەزار خەڵکەی لە ئاوارەیی لە هیند لەگەڵی دەژین، دەکات و مافی تەواوی هاوڵاتیبونیان پێدەدات ، بەڵام ئایا لەبەرانبەر خودی خۆی و گەلەکەی و جیهان دا دەڵێت چی؟ لایەنگران و ئەندامانی پ ک ک ناچارکراون چەک هەڵگرن و ببنە جەنگاوەر ، هەروەک چۆن باووباپیریان ( شێخ سەعیدی پیران و ....) و دەسەڵاتدارانی ئێستای حکومەتی هەرێمی باشوری کوردوستان و باووباپیرانمان لە عێرق و تورکیا و ئێران ناچارکران و بەردەوام ناچاردەکرێن کە هەمان ڕێبازی نەخوازراوی شەڕ و شۆڕ بگرنەبەر. پێشمەرگەکانی پ ک ک لە دیوێکی وڵاتەکەیانەوە ـ وەک پارتی و یەکێتی لە ساڵەکانی1976 ـ 1991ـ ناچارکراون بپەڕنەوە بۆ دیوێکی تری ، دەڤەرێکی تری وڵاتەکەیان، مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانیان لە ساڵەکانی 1977ـ 1978 لە ڕێی باکوری کوردوستانەوە گەڕانەوە باشور بۆ هەڵگیرساناوەی ئاگری شۆڕش.کە داوا لە پ ک ک دەکرێت لە بەر خاتری باشوری کوردوستان چەک دانێن و بچنەوە ناو خاکی باکوری کوردوستان، کام ئەلتەرناتیڤ و چارەسەرمان هەیە بۆیان؟ خۆبەدەستەوەدانیان بۆ دەوڵەتی تورک مانای سەرشۆڕی و ئەشکەنجە و زیندان و مردن یا بەڵای کەمەوە مردنی ڕۆحی و دابەزینیان بۆ ئاستی مان (نەک ژیان!) و لەوەڕانێکی حەیوانی ، لە ڕوی

سیاسیشەوە مانای نائومێدکردن و ڕوخانی مەعنەویی ملوێنەها کوردی باکور و هەمو کوردوستان . ئەگەریش بە چەکەکانیانەوە وەک پێشمەرگەی شەڕکەر بگەڕێنەوە باکوری کوردوستان ئەوا بە هۆی لارسەنگیی هێزی سەربازیی بە سودی دەوڵەتی تورک و ئەو هەزاران جاشە کوردەی خستویانەتە گەڕ، چارەنوسیان لە چارەنوسی پارتی و یەکێتی ی سەردەمی ئەنفالی ساڵەکەنی 1988 تا 1989 باشترنابێت ، لە گەڵ ئەو هەموە بەرگرییە قارەمانانەیەی پێشمەرگەکانی باشوری کوردوستان ، نەتوانرا ڕێگە لە جێهێشتنی باشوری کوردوستان و پەنابردن بۆ ئێران بگیرێت. هەر چارەسەرێکی ژێر و ڕەوای کیشەکە دەبێت بە وت وێژی ڕاستەقینە و جیدی و دیموکراتی سەرکردایەتیی سیاسیی و پەرلەمانی کوردوستان و نوێنەرانی ڕێکخراوەیی و کەسایەتییە ناودار و ڕێزدارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی باشوری کوردوستان و بەشەکانی تری کوردوستانیش ، لەگەڵ

پ ک ک ، بدۆزرێتەوە و مامانیی لەدایکبونی بکرێت ،نەک بە فەرمانی زاییدەی میزاج و هەڵچون و داچونی لەسەرەوە بۆ خوارەوەی هەر لایەن و میر و سەرۆکێک. ئایا بۆ پرۆسەیەکی ئاوا، تا ئێستا هیچ وەفدێکی پەلکە ڕەنگینەیی ناحیزبیی کۆمەڵگای مەدەنیی باشوری کوردوستان بۆ وت و ویژ و ئاڵ و گۆڕی بیر و ڕا سەردانی سەرکردایەتیی پ ک ک ی لە قەندیل کردوە؟ بۆ نا؟ 2 پرسیارم لە سەرکردایەتیی کوردی باشور لە مەڕ ئەم کێشەیە هەیە: 1ـ ئایا لە ڕوی سیاسییەوە دەتوانن خۆتان قبوڵی ڕەوشێکی وا بکەن بۆ پ ک ک وەک ئەو حاڵەتە جێگیرەی Status quo ی ئێستای حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردوستان ( کۆمەڵە و دیموکراتی ئێران و ئەوانی تر) لە( کۆیە) و (زرگوێز)، یا ئەوەی (موجاهیدینی خەڵکی ئێران) لە عێراقی عەرەبی هەیانە؟ ئایا دەتانەوێت بۆ چارەسەرێکی ئاوا خەبات بکەن بۆ قەناعەت هێنان بە ئەمریکا ؟ 2. لە ڕوی ئینسانی و مافی مرۆڤ و لەو دیوی هەمو مەسەلەکانی سیاسەت و ئادیۆلۆجیا و مەسڵەحەتی حیزبایەتی و دەسەڵاتی سیاسی و پارە و...هتد، گەلۆ دەتانەوێت ؟ ئایا دەتوانن؟ قەناعەت بە تورکیا و ئەمریکای براگەورە وئاغای هەمو لایەنەکانی کێشەکە! بکەن ،کە ئەو چەند هەزار پێشمەرگەیەی پ ک ک هەر هیچ نەبێت ڕێگەیان پێبدرێت وەک میوانی نەتەوەیی بە ڕێز و بەڕومەت و خاوەن ئەرک و مافی هاوڵاتی و مافی مرۆڤ ، یان وەک پەنابەر لە عێراق دا بە پێی مافی پەنابەرانی ( جنێف) ی نەتەوە یەکگرتوەکان، قەندیل و شاخەکانی تری کوردوستان بەڕێک و پێکی جێبێڵن و چەکەکانیان لە ناوبەرن یا ڕادەستی حوکەمەتی هەرێمی کوردوستانی بکەن و، لە ژێر سایە و سێبەری ئەم حوکەمەتە بێ ترسی ڕاوەدونانی (میت) ی تورکی بژین؟ وە بەم جۆرە لەم قۆناغەدا کۆتایی بە خوێن ڕشتنی ئینسانی کورد و تورک بهێنرێت کە تەنیا لە سودی بازرگانانی چەک و شەڕە. ئایا

پ ک ک ئەم جۆرە چارەسەرە دەپەژرێنێ و پێی ڕازیدەبێت ؟ ئایا خەباتی سیاسیی پ ک ک و حیزبەکانی تری باکوری کوردوستان و خەباتی هەمەڕەنگەی ناتوندوتیژیی ناو لادێ وشارەکانی باکور چیی بەسەر دێت ؟ ئە مانە پرسیارگەلێکی گرنگن کە تۆپی ژیری و دانایی دەخاتە ناو ساحەی پ ک ک وە، من لەم نوسینەمدا خۆمیان لێنادەم.

ئەگەر ئەمانە ناکرێت :من پێشنیازدەکەم با حوکومەتی هەرێمی کوردوستان کێشەکە بە ڕاپۆرتێکی چڕ و پڕ بخاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکا و یەکێتیی ئە وروپا ـ کە تورکیا لیکی چێژ دەڕێژێت ببێتە ئەندام تێیدا ـ نەک وەک کێشەیەکی سیاسی ، بگرە تەنانەت نەک وەک کێشەی چەند هەزار ئینسانێکی گیرخواردو لە و شاخە کرێن و ڕوتەن و سەختانەی ئاژەڵە کێویەکانیش ـ بە تایبەتی لە زستانا ـ بە ئاستەم تیایاندا هەڵدەکەن، بەڵکو وەک کێشەی ـ بمبورن هێژایانی پ ک ک !ـ چەند هەزار ئاژەڵێکی تۆڕ و ڕامنەکراوی ڕێونکردوی گیرخواردو ، کە لە پێناوی مانەوەیندا ناچارن ناو بە ناو بەرەو پێدەشتەکان چوست و چالاک بە شەبەیخون نێچیرڤانیی خۆیان بکەن! بۆیە ئەم پێشنیازە

لاقرتیه Ironically،sarcastic دەکەم چونکە دەزانم بە تایبەتی لە ئەوروپا ـ کە بەشێکی تورکیاش دە گرێتەوەـ و لە ئەمریکا هەزاران (کۆمەڵەی مافی پاراستنی حەیوان : سەگ و پشیلە و مشک و جرج.....) هەن و ملیۆنەها ئەوروپی و ئەمریکی گەلێک بە حەماسەوە بەرگری لە مافەکانی حەیوان دەکەن ، بەڵکو ئەم ملیۆنەها ئینسانە ڕەحمی حەیوانیان بتلیسێتەوە و پەستۆ و گوشین بخەنە سەر حکومەتەکانیان کە ئەگەر چارەسەرێکی شایستەی پڕ سۆز و ڕەحم و بەزەیی بۆ ئەم چەندهەزار ( ئاژەڵە بالایە، بەلایە! ) نە دۆزنەوە ، ئەوا لە هەڵبژاردنی داهاتو دا دەنگیان پێنادەن و حوکومەتەکانیان لە کورسیی دەسەلات تورِدەدەن!!

دوکتۆر هەژار مەعروف

**M.B.CH.B.( Bagdad University)**

Psychiatrist and Psychotherapist

Facharzt (Germany)

Email:hajarmaroof@hotmail.com